## بەشی دووەم

## بەشەکانی ماڵ و سامانی دەوڵەت

### دەستکەوتەکانی جەنگ

ماڵی دەوڵەت ئەوەی لە قورئان و سوننەتدا هاتووە سێ جۆرە : دەست کەوتەکانی جەنگ ، و ماڵی خێر و چاکە ، و ئەوەی بەبێ جەنگ لەماڵی دوژمنان دەستی بەسەر دا دەگیرێت (الفيء) .

دەست کەوتەکانی جەنگ : بریتیە لەو ماڵ و سامانەی کە لە جەنگی دژی بێ بڕواکاندا دەستی بەسەردا دەگیرێت ، خودا لە سورەتی ئەنفالدا باسی کردووە ، کە لە جەنگی بەدردا دابەزیوە و ناوی ناوە (أنفال) چونکە ماڵێکی زۆر بوو، دەفەرموێت : ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ ۖ قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ ۖ ﴿١﴾﴾ [الأنفال]، واتە : پرسیاریان لێکردیت دەربارەی ئەنفال بڵێ : ئەو ماڵە بۆ خودا و

پارەیەكی لایە ئیش و كاری پێوە دەكات یان كارگەیەكی بەدەستەوەیە ، یان بریكارە ، یان قەرزی بەلاوەیە و دەتوانێت بیداتەوە ، ئەگەر ئەو مافەی بەسەریەوەیە نەیداتەوە جا ئەگەر پارەبێت یان هەرشتێكی تر ، وە زانرا دەتوانێت بیداتەوە ، ئەوە شایەنی سزادانە تا ئەو مافەی كە لەسەریەتی دەیداتەوە یان ڕێگە نیشان دەدات بۆ وە دەست هێنانەوەی ، وە ئەگەر پارەكە دۆزرایەوە ئەو كەسە لە زینداندا بوو لە پارەكەی مافی خاوەن مافەكان دەدرێتەوە ، و پێویست بە لێدانی ناكات ، بەڵام ئەگەر ئامادە نەبوو ڕێگە نیشان بدات بۆ دۆزینەوەی وە مافەكان نەداتەوە ، دەتوانرێت لێی بدرێت تا مافەكان دەگەڕێنێتەوە ، وە هەروەها هەر كەسێك دەستی ڕۆیشت و ئەو زەكاتەی لەسەری پێویستە نەیدات سزا دەدرێت ، عمری كوڕی شرید لە باوكیەوە دەگێڕێتەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (( لَيّ الواجد يحل عرضه وعقوبته ))[1] ، واتە : ئەو كەسەی توانای دانەوەی قەرزی هەیە و نایداتەوە دروستە سكاڵای لێبكرێت و سزابدرێت ، وە دەفەرموێت : (( مطل الغني ظلم ))[2] ، واتە : نەدانەوەی پارەی دەوڵەمەند لەكاتی دیاری كراودا ستەمە ، وە ستەم كاریش دەبێت سزا بدرێت و زیندانی بكرێت .

---

[1]. رواه أبوداود(٣٦٢٨) ، و النسائي(٤٦٩٠) ، و أبن ماجه(٢٤٢٧) ، و حسنه الألباني في (صحيح الجامع)(٥٤٨٧).

[2]. رواه البخاري(٢٤٠٠) ، و مسلم(١٥٦٤).

جوتیاران و سەربازە خراپەکارەکان و یاخی بووانی شارەکان یان هەرکەسێکی تر ، خودا بەوانە دەفەرموێت : ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٣٣﴾[المائدة] ، واتە : سزای ئەو کەسانەی کە دژایەتی خودا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکەن و بشێوی دەنێنەوە لەسەر زەوی ئەوەیە کە بکوژرێن یان لە خاچ بدرێن یان دەست و پێیان بەچەپ و ڕاست ببڕدرێت ، یان دووربخرێنەوە ، ئەوانە لە دونیادا ڕیسوان و لە پاشەڕۆژیشدا سزای زۆر توندیان بۆ هەیە.

ئیمامی شافعی لە (مسند)ەکەیدا لە ئیبن عباسی گێڕاوەتەوە ـ دەربارەی ڕێگر ـ دەفەرموێت : ( ئەگەر خەڵکیان کوشت و ماڵیشیان برد ، کە گیران دەکوژرێن و لەخاچ دەدرێن ، وە ئەگەر خەڵکیان کوشت و ماڵیان نەبرد دەکوژرێن و لەخاچ نادرێن ، وە ئەگەر ماڵیان برد و خەڵیان نەکوشت ئەوە دەستێك و پێیەکیان چەپ و ڕاست دەبڕدرێت ، وە ئەگەر ترسیان لەسەر ڕێگە دروست کرد نەفی دەکرێن و دوور دەخرێنەوە ) .

))[1] ، واتە : پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەستی بڕی لەبەر قەڵغانێك نرخەكەی سێ درهەم بوو ، وە لە ڕیواتی مسلم دا : دەستی دزێكی بڕی لەبەر ئەوەی قەڵغانێكی دزیبوو نرخەكەی سێ درهەم بوو ، دیسان لە هەردوو (صحیح)ەكە لەعائیشە وە ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ گێڕدراوەتەوە : پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی : (( تقطع اليد في ربع دينار فصاعدا )) [2] ، وفي رواية لمسلم : (( لا تقطع يد السارق إلا في ربع دينار فصاعداً )) [3] وفي رواية للبخاري قال : (( اقطعوا في ربع دينار ، ولا تقطعوا فيما هو أدنى من ذلك )) [4] ، واتە : دەست دەبڕدرێت لە چواریەكی دینارێك بەرەو سەرەوە ، وە لە ڕیوایەتی مسلم دا : دەستی دز نابڕدرێت لەچواریەكی دینارێك بەرەو سەرەوە نەبێت ، وە لەلای بخاری دا دەفەرموێت : لەچواریەكی دینارێك دەست ببڕن ، لەوە كەمتر دەست مەبڕن ، لەوكاتەدا چواریەكی دینارێك سێ درهەم بووە ، وە یەك دینار دوازدە درهەم بووە ، كەسێك بەدز ناژمێرێت تاكو ماڵ لەسنوری تایبەت و دیاری كراوی ماڵدا نەبات ، وە ئەو پارەی كە لە خاوەنەكەی ونبووە ، وە بەروبوومی كشتوكاڵی كە لە بیابانێكدایە بەبێ پەرژین ، و مەڕ وماڵات كە شوانی لەگەڵدا

---

[1]. رواه البخاري(٦٧٩٥) ، و مسلم(١٦٨٦).

[2]. رواه البخاري(٦٧٩٠) ، و مسلم(١٦٨٤).

[3]. رواه مسلم(١٦٨٤).

[4]. رواه احمد (٢٣٩٩٤) ، و صححه الألباني في (صحيح الجامع)(١١٨١).

، وە وتراویشە سزای حەدی بەسەردا دەسەپێت ، ئەمەیان لە خەلیفە ڕاشدیەکان گێڕدراوەتەوە ، وە لە بنەماکانی شەریعەتەوە نزیکە وە بۆچوونی خەڵکی مەدینەیە ، چونکە ئەگەری (الإحتمال) دەگمەن لای لێناکرێتەوە ، وەك ئەگەری درۆکردنی ، یان درۆی گەواهی دەرەکان ، ئەگەر هۆکاری تاوانەکە دیاربوو .

بەڵام نێرباز هەندێك لەزانایان دەڵێن : سزای وەك سزای شەڕواڵپیسی یە ، وە وتراویشە : لەوەش کەمترە ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت و هاوەڵان لەسەری کۆکبن : بکەر و کراویش (الفاعل و المفعول به) دەکوژرێن ، ئەگەر ژنیان هەبێت یان نا ، چونکە خاوەن (السنن)ەکان لە ئیبن عباسیان گێڕراوەتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی : (( من وجدتموه يعمل عمل قوم لوط ، فاقتلوا الفاعل والمفعول به ))[1] ، واتە : هەرکێتان دیت ئیشی گەلی لوطی دەکرد ، بکەر و کراوەکەش بکوژن ، وە ئەبو داود لە ئیبن عباسی گێڕڕاوەتەوە کە پرسیاری لێکراوە : ( في البكر يوجد على اللوطية ، قال : يرجم ) ، واتە : لە کچێکی گەنج بینرا ئیشی گەلی لوطی دەکرد ، فەرمووی : بەردباران دەکرێت ، وە لە علی کوڕی أبو طالبیشەوە (رضي الله عنه) هەروەها گێڕدراوەتەوە .

---

[1]. رواه ابوداود (٤٤٦٢) , و الترمذي (١٤٥٦) ، و ابن ماجه (٢٥٦١) ، و صححه الألباني (في صحيح الجامع)(٦٥٨٩).

## سزای مەی خۆر و تۆمەتبارکردنی کەسێك بە داوێن پیسی

سزای مەی خۆر : لە سوننەتی پێغەمبەری خودا (ﷺ) جێگیر بووە وە موسڵمانانیش کۆڕان لەسەری ، (أهل السنن) ڕیوایەتیان کردووە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) لە چەند ڕێگەیەکەوە فەرموویەتی : (( من شرب الخمر فاجلدوه ، ثم إن شرب فاجلدوه ، ثم إن شرب فاجلدوه ، ثم إن شرب الرابعة فاقتلوه ))[1] ، واتە : هەرکەسێك مەی خواردەوە جەلدەی لێبدەن ، دیسان ئەگەر خواردیەوە جەلدەی لێبدەن ، دیسان ئەگەر خواردیەوە جەلدەی لێبدەن ، بۆجاری چوارەم ئەگەر خواردیەوە بیکوژن ، وە جێگیر بووە لێیەوە کە جەلدەی لە مەیخۆر داوە زیاتر لە جارێك ، وە خەلیفەکانی و موسڵمانانیش دوای ئەو وایان کردووە .

وە کوشتن لای زۆربەی زانایان سڕاوەتەوە و حوکمی هەڵگیراوە (منسوخ) ، وە وتراوە : حوکمەکەی هەڵنەگیراوە ، وە وتراویشە : ئەوە سەرزەنشت کردنێکە کاربەدەست لە کاتی پێویست دا بەکاری دەهێنێت .

وە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) جێگیر بووە کە چل دار و سەرپێیی (النعل) لە مەیخۆری داوە ، وە ئەبو بکر (رضي الله عنه) چل داری لێداون ، وە عمر

[1]. رواه ابوداود(٤٤٨٢) , و الترمذي(١٤٤٤) ، و ابن ماجه(٢٥٧٣) ، و صححه الألباني في (صحيح الجامع)(٦٣٠٩).

باشترە کە موسڵمانان قەڵاچۆدەکەن ، ئەگەر کەسێك ڕێگری لە موسڵمانان نەکات لە بەجێهێنانی ئەرکە ئاینیەکانیان ، ئەوکات بێبڕواییەکەی تەنها زیانی بۆ خودی خۆی دەبێت ، لەبەر ئەوە شەرعناسان دەڵێن : ئەو کەسەی بانگەواز بۆ شتێکی داهێنراوی (البدعة) پێچەوانەی قورئان و سوننەت دەکات سەرزەشت کردنی توندتر و جیاوازترە لەو کەسەی بێدەنگە و بانگەوازی بۆ ناکات .

وە لە فەرموودەیەکدا هاتووە : (( أن الخطيئة إذا أخفيت لم تضر إلا صاحبها ولكن إذا ظهرت فلم تنكر ضرت العامة ))[١] ، واتە : گوناهو تاوانکردن ئەگەر شارایەوە تەنها زیان بەخاوەنەکەی دەگەیەنێت ، بەڵام ئەگەر ئاشکرابوو بەرهەڵستی نەکرا زیان بەهەموان دەگەیەنێت .

لەبەر ئەوە شەریعەت کوشتنی بێ بڕواکانی پێویست کردووە ، بەڵام پێویستی نەکردووە هەریەکەیان دەست ڕۆیشت بەسەریدا بکوژرێت ، بەڵکو ئەگەر یەکێکیان لە جەنگدا یان جگە لەجەنگیش گیرا ، وەك ئەوە لە کەشتیەکدا ئاو بیهێنێت ، یان ڕێگە ون بکات ، یان بەفێڵێك بگیرێت ، ئەو کاتە دەسەڵاتداری موسڵمانان چی بەباش بزانێت بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات ، لە کوشتنی یان کردنی بەکۆیلە یان ئازادکردنی یان

---

[١]. رواه السيوطي ، و قال الألباني في (ضعيف الجامع)(٤٨٠):(موضوع).

دەكات ، وە ئەگەر تووشی خێر و چاكەمان كرد دوای ناڕەحەتیەك دەڵێت : لە نالەباری ژیان ڕزگارم بوو ، خۆی بەزل دەزانێت و فیزدەكات بەسەر خەڵكدا ، تەنها ئەو كەسانە نەبێت كە ئارام دەگرن و كردەوەی چاك دەكەن ئەوانە لێخۆش بوون و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە .

وە بە پێغەمبەرەكەی (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿١٩٩﴾﴾[الأعراف] ، واتە : لێبوردە بەو فەرمان بەچاكە بكە وە بێباك بە لەوەی نەفامەكان دەیڵێن و دەیكەن ، وە دەفەرموێت : ﴿۞ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٣٣﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِى ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣٤﴾﴾[آل عمران] ، واتە : پێشبڕكێ بكەن بۆ گەیشتن بە لێبوردنی پەروەردگارتان وە بۆ بەهەشتێك كە پانتاییەكەی بەقەد پانتایی ئاسمانەكان و زەوییە ، و ساز و ئامادەكراوە بۆ لە خوداترسان ، ئەوانەی كە ماڵی خۆیان دەبەخشن لە خۆشی و تەنگانەدا ، وە ڕق و توڕەبوونەكانیان دەخۆنەوە ، و لەخەڵك دەبوورن ، خودا چاكەكارانی خۆش دەوێت ، وە دەفەرموێت : ﴿وَلَا تَسْتَوِى ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ۚ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِىٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ

باوەڕدار ئەگەر مەبەست و نییەتی پاك بێت ئەوا بەسەر هەموو کردەوەکانیدا دەشکێتەوە ، وە هەموو کارێکی حەڵاڵی بە کاری باش بۆ دەنوسرێت لەبەر پاکی دڵ و نییەتی ، وە دووڕوو لەبەر خراپی دڵ و نییەتی سزادەدرێت لەسەر ئەو پەرستشانەی کە بۆ ڕوپامایی ئەنجامی دەدات ، چونکە لە فەرموودەیەکی (صحيح) دا لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) وە هاتووە کە فەرموویەتی : (( ألا إن في الجسد مضغة إذا صلحت صلح لها سائر الجسد ، واذا فسدت فسد لها سائر الجسد ، ألا وهي القلب ))[1] ، واتە : لە جەستەی مرۆڤدا پارچە گۆشتێك هەیە ئەگەر باش بێت هەموو جەستەی باش دەبێت ، وە ئەگەر خراپ بێت هەموو جەستەی خراپ دەبێت ئەویش دڵە .

وەك چۆن خودا سزاکانی لە شەریعەتدا داناوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارە پێویست کراوەکان و دوورکەوتنەوە لە کارە حەرام کراوەکان ، وە هەروەهاش هەموو ئەو کارانەی کەیارمەتی دەری کاری باشن و هۆی دوورکەوتنەوەن لە کارە خراپ دیسان کارێکی شەرعییە ، بۆیە پێویستە ڕێگەی گوێڕایەڵی خودا و چاکەکاری ئاسانکاری بۆ بکرێت و یارمەتی بدرێت و هان بدرێت بە هەموو شێوەیەك کە لە توانادا هەیە ، وەك ماڵ بەخشین بە منداڵ و خزم و کەس ، یان بەو خەڵکانەی کە لەژێر دەسەلاتیدان بۆ ئەوەی

---

[1]. رواه البخاري(٥٢) ، و مسلم(١٥٩٩).

وە هەروەها ئەگەر زانی کەسێکی بێتاوان بکوژێت لە بابریدا دەکوژرێتەوە ئەو کارە ناکات ، وە لە علی کوڕی ئەبو تالب (رضي الله عنه) و عەمرو کوڕی شعیب لە باوکیەوە ئەویش لە باپیریەوە (رضي الله عنهم) لە پێغەمبەری خوداوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕنەوە : (( المؤمنون تتكافأ دماؤهم ، وهم يد على من سواهم ، ويسعى بذمتهم أدناهم ، ألا لا يقتل مسلم بكافر ، ولا ذو عهد في عهده ))[1] ، واتە : باوەڕداران خوێنیان یەکسانە ، وە هەموویان یەك دەستن دژی دوژمنەکانیان ، وە ئەگەر خوارترین موسڵمان کەسێکی داڵدەدا هەموویان دەبێت پێوەی پابەندبن ، وریابن موسڵمان لەبری بێبڕوا ناکوژرێت ، وە خاوەن بەڵێن (ذو عهد) لە ماوەی بەڵێنەکەیدا ناکوژرێت لە بری بێبڕوا ، پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) بڕیاری داوە کە خوێنی موسڵمان وەك یەکە و یەکسانە ، هیچ عەرەبێك نیەتی بەسەر گەلانی ترەوە ، وە هەروەها هیچ هاشمی و قـــورەیشیەك هیچیان لە موسڵمانانی تر زیاتر نییە ، وە هیچ ئازادێك (الحر) نیەتی بەسەر کۆیلەیەکی ئازادکراودا ، وە هەروەها هیچ زانا و کاربەدەستێك جیاوازیان نییە لە نەخوێندەوار و فەرمان پێکراوێك .

موسڵمانان هەموو لەسەر ئەوە یەکدەنگن ، بەپێچەوانەی سەردەمی نەفامی و فەرمانڕەواکانی جولەکەکان ، لە نزیك شاری پێغەمبەری خودا

[1]. رواه ابوداود(٢٧٥١) ، و ابن ماجه(٢٦٨٥) ، و حسنه الألباني في (صحيح الجامع) (٦٧١٢).

لە خودا بترسن ، ئایەت و فەرمانەکانی خودا بە شتێکی کەمی دونیا مەگۆڕنەوە ، ئەوانەی فەرمان بە قورئان ناکەن بێبڕوان ، وە لە تەوراتدا لەسەریان پێویستمان کردبوو هەرکەسێك کەسێك بکوژێت لەبریدا دەکوژرێتەوە ، و چاو تۆڵەی چاوە ، و لوت تۆڵەی لوتە ، و گوێ تۆڵەی گوێیە ، و ددان تۆڵەی ددانە ، و تۆڵەی برینیش بریندار کردنیەتی بەهەمان شێوە ، خودای پەروەردگار ڕوونی کردەوە کە هەمووان یەکسانن ، وە فەزڵی کەسێکی بەسەر ئەوانی تردا نەدا ، وەك ئەوەی کە جولەکەکان وایان دەکرد هەتا دەفەرموێت : ﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗا ﴿٤٨﴾ ﴾ تا ئەوەی : ﴿ أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾[المائدة] ، واتە : ئێمە قورئانمان بۆ ناردوویتە خوارێ کە سەلمێنەری کتێبەکانی پێش خۆیەتی وە فەرمانەکانیانی لە خۆ گرتووە ، داوەری بکە لەنێوانیان بەوەی خودا بۆی ناردویتە خوارێ ، وە شوێن هەواو ئارەزووی ئەوان مەکەوە لەوەی کە بەڕاست بۆت هاتووە بۆ هەر گەل و نەتەوەیەك پرۆگرام و بەرنامەیەکمان ناردووە ، ئایا ئەوان فەرمانی نەفامییان دەوێت ؟ کێ لە خودا کارجوانترە

## بەشی سێیەم

## ناموس و کەرامەت

تۆڵە کردنەوە لە ڕوشانی کەرامەت دروستە ، وەك ئەوەی کابرایەك نەفرین بکات لەیەکێك یان دوعای لێبکات ، دەتوانێت وای پیّ بڵێتەوە ، وە هەروەها ئەگەر جنێوی پێدا بە جنێوێك درۆی تێدا نەبێت ، بەڵام لێبوردن باشترە ، خودا دەفەرموێت :﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٠ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ ٤١ ﴾[الشورى] ، واتە : پاداشتی خراپە ، خراپەیەکی وەك خۆیەتی ، ئەوەی ببورێت و ئاشتەوایی بکات پاداشتی لای خودایە ، بە ڕاستی خودا ستەمکارانی خۆش ناوێت ، وە ئەوەی ستەمی لێکراوە تۆڵەی خۆی کردەوە ئەوانە هیچیان لەسەر نییە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (( المستبان : ما قالا فعلى البادئ منهما ما لم يعتد المظلوم ))[1] ، واتە : دووکەس کە دەبێتە شەڕە جنێویان : هەرچی بڵێن تاوانەکەی لە ئەستۆی ئەوەیانە کە دەست پێشخەر بووە ، بەمەرجێك ئەگەر ستەم لێکراوەکە لەوە خراپتر نەڵێت کە ئەوی تر وتویەتی ، وە ئەو

---

[1]. رواه مسلم(٢٥٨٧).

